دونیا خۆش وبەچێژە، وخوای گەورە ئێوەی کردووە بە جێنشینی یەکتر لەسەری بۆئەوەی بزانێت کە چۆن کردەوە دەکەن، بۆیە خۆتان بپارێزن لە دونیا وخۆتان بپارێزن لە ئافرەتان

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «دونیا خۆش وبەچێژە، وخوای گەورە ئێوەی کردووە بە جێنشینی یەکتر لەسەری بۆئەوەی بزانێت کە چۆن کردەوە دەکەن، بۆیە خۆتان بپارێزن لە دونیا وخۆتان بپارێزن لە ئافرەتان، چونکە یەکەم فیتنە وتاقیکردنەوەی نەوەکانی ئیسرائیل لە ئافرەتان بوو».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەو کە دونیا تامێکی بەچێژی هەیە، وسەوز وسەرنجڕاکێشە، بۆیە مرۆڤ پێی هەڵدەخەڵەتێت وڕۆدەچێت لەنێو خۆشیەکانی وگەورەترین هەم وهەوڵدانی بۆ دونیا دەبێت. خوای گەورە -سبحانه وتعالی- ئێمەی کردووە بەجێنشینی یەکتر لەم دونیایەدا، بۆئەوەی پڕوانێت چۆن کردەوە دەکەین، گوێڕایەڵی دەبین، یان سەرپێچی دەکەین؟ پاشان فەرمووی: وریا بن شتومەکە ڕازێنراوەکانی دونیا هەڵتان نەخەڵەتێنێت، وبنە هۆی ئەوەی وازبهێنن لە فەرمانەکانی الله، وتووشی نەهی لێکراوەکان بین. و لەگەورەترین فیتنەکان کە دەبێت پیاوی مسوڵمان وریای بێت بریتیە لە فیتنەی ئافرەتان، وبەکەم فیتنە کە تووشی بەنی ئیسرائیل هات ؛ فیتنەی ئافرەتان بوو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3053